## سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش، ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە ... شاخەوان کەریم ئاکۆی



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دوای چەندین ساڵ ئاوارەی و دەربەدەری لە هەندەران، بەهۆی خوێن بەربوونی مێشکی،
ئەورۆ هەواڵی کۆچکردنی گۆرانیبێژی نێوداری کورد، هاوسەری مامۆستا ناسر ڕەزازی وتاکە شۆڕەسواری گۆڕەپانی مەردایەتی، ئازایەتی و پێشمەرگایەتی کوردایەتی، خانمی هونەرمەند
مەرزیە فەریقی-م پێگەیشت.
بەراستی زۆر پێی دڵگران و سەخڵەت بووم، خۆم پێڕانەگیرا لە داخ وخەمان. چونکە ئەو خانمە خاوەنی چەندین گۆرانی، سروود، کلیپ، بۆنە و ئاهەنگی خۆش و بەخرۆش و بە جۆش بوو لەو بوارەدا. بۆیە لێرەدا هەرهیچ نەبێت بە چەند دێرێک دەمەوێت دەردوخەمی دڵی خۆم بۆ ئەو کەڵە هونەرمەندە شۆڕشگێڕەی کوردستان داڕێژم. هەرچەندە خۆم باش دەزانم باس کردن و نووسین لەسەر ئەو هونەرمەندە ئاو زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بەدەیان نووسین و لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر لایەنەکانی ژیانی مامۆستای، دایکایەتی، پێشمەرگایەتی، ئاوارەی و هاندانی ئافرەتی کورد بۆ بەشداری کردنیان لەتەک براکانیان بۆ خزمەت کردنی نەوەی کوردو دوارۆژی گەلەکەمان چ لە شارو چ لە شاخ.
ئەوەی شایانی باسە خانم مەرزیە فەریقی لەهەفتەی رابردوودا سێ نەشتەرگەری سەرنەکەوتووی لە نەخۆشخانە ی هوددینگەی ستۆکهۆڵم-لە وولاتیسوێد، بۆ مێشک و سەری کراوە. بەڵام سەد حەیف و مخابن ئەو هەموو دەزگاو دەرمان و چارەسەرییەو زانست و تەکنۆلۆژیایەی پزیشکی وولاتی سوێد نەیانتووانی ئەو مێشکە گەورەی خانم و هیواو خەونەکانی هێژامان لەمردن رزگاربکەن، تاکو بتوانێت زیاتر خزمەتی ڕێچکەی هونەرو موزیکی کوردی بکات. چونکە بەراستی ئەو ئافرەتەزۆر قارەمان و ئازاو چاو نەترس بوو لەبواری گۆرانی و سروودی کوردیدا.
لە کۆتاییدا لە ناخی دڵمانەوە بەشداری لە خەم و پەژارەو پرسەی مامۆستا ناسر و کەسوکاری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مەرزیە دەکەین. وە لەخوای گەورە ش داواکارین و

www.kurdistannet.org

19-9-2005 0:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دەپاڕێینەوە کەسێبووری بە بنەماڵەکەی بدات و گیانی پاکی خانمی مەزنیش بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات،

هەزاران جار........ رەحمەت لەگۆڕت...

سڵاوی گەرمی دڵی پڕئومێدی مەت پێشکەش،

ئەی پڵنگی هەردی وولات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە





مەرزیە و نەخۆشخانەی هوددینگە لە ستۆکهۆڵم-سوێد

شاخەوان کەریم ئاکۆی
رۆژی یەکشەمم 18 ئەیلولی 2005
akosha@hotmail. com